# لەکۆنفرانسی لایەنە سیاسیەکان لەهەولێر ئەنجوومەنێکی ٢٦ کەسی دەستنیشانکرا

ئەمرو (٢٠١١/٦/٤) کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی لەرێستورانتی پووشی لەشاری هولێر کۆنفرانسێک لە ژێر دروشمی(نا بۆ توندو تیژی و بێ چارەیی بەڵێ بۆ ئاشتی وچارەسەری دیموکراتیک)لەلایەن پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستانەوە بەبەشداری لایەنە سیاسییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەرێوەچوو. ئەجیندای کۆنفرانسەکە بریتی بوو لە :

بابەتی یەکەم: ئایا بە چی ئالیەتێک دەتوانرێت بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان ئاسایی بکرێتەوە؟

a. ئایا چاکسازی و گۆڕانکاری لە هەرێمی کوردستاندا پێویست دەبینن یان نا؟!

b. ئەگەر گۆڕانکاری و چاکسازی پێویست دەبینن، ئەو بابەتانە چییە کە پێویستە گۆڕانکارییان تێدا بکرێت و هەڵوەستەیان لەسەر بکرێت؟

c. ئایا ئەرکە هەنووکەییەکانمان چین؟

d. ئایا ئەرکە ستراتیژییەکانمان چین؟

e. ئایا ئەرکی دەسەڵات چییە لەم قۆناخەدا؟

f. ئایا ئەرکی لایەنە سیاسیەکانی دەرەوەی پەرلەمان چییە؟

c. ئایا ئەرکی رێکخراوەکانی مەدەنی چییە؟

h. ئایا ئەرکی راگەیاندنەکان چییە؟ راگەیاندنی حزبی و راگەیاندنی ئەهلی؟

أ. ئایا ئەرکی کەسایەتییە ئەکادیمیەکان، کەسایەتیە کۆمەڵایەتیەکان و کەسایەتیە ئایینیەکان چییە لەم قۆناخەدا؟

بابەتی دووەم: ئاواکردنی پلاتفۆرمێکی هاوبەش بەبەشداری هەموو هێز و لایەنەکان و نوێنەری تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بۆچارەسەرکردنی کێشەکان.

بابەتی سێهەم: سەبارەت بەم بابەتانەو بابەتی تریش کە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان پەیوەندیدار دەکات دەتوانین گفتوگۆ بکەین و ڕاگەیاندراوێکی هاوبەش بڵاوبکەینەوە.

کۆنفرانسەکە لە لایەن ئەندامانی دەستەی کارگێڕی پارتی چارەسەری" ئیبراهیم ئەوراماری ومامۆستاا عوسمان عزیز و نجیبە عومەر" بەڕێوەچوو.

سەرەتای کۆنفرانسەکە لەلایەن سەرۆکی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان بەڕێز دیار غەریبەوە دەستی پێکرد. دیار غەریب بەئاماژەدان بەگرنگی کۆنفرانسێکی بەم شێوەیە لەم قۆناخەی ئێستا هەرێمی کوردستاندا بەتایبەتی و بۆ چارەسەری کردنی قەیرانی سیاسی و کەم وکوڕتی ئیداری و گەندەڵی سیاسی و نەبوونی خزمەتگۆزاری و نادادپەروەری بەئەرکێکی نیشتمانی و تاک بەتاکی کۆمەڵگای کوردی بەناو کرد و ووتی؛ ئەمڕۆ، واتە (٤/٦/) لەباشووری کوردستاندا، خاوەن گرنگییەکی خۆی هەیەو لە (١٩٩٢/٦/٤) یەکەمین دانیشتنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بەڕێوە چووەو هەروەها هاوکاتیشە لەگەڵ دانیشتنی پێنج لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکەی نێوپەرلەمان ودەسەڵات بۆ چارەسەری کێشەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگاکەمان. ئامانجمان لەم دانیشتنە، پێداگرییە لەسەر ڕێبازی دیالۆگ و دانوستان بۆ چارەسەری کێشەکانەو باوەڕمان وایە بە دیالۆگ و دانیشتن و لێکنزیکبوونەوەو قەبووڵکردنی یەکتر دەتوانین ڕێگاچارەی کێشەکانیش دەستنیشان بکەین؛ چونکە ئێمە لەو قەناعەتداین کە کێشەکان بە زمانی توندوتیژی وزبر و دروشمی بریقەدار ناگەنە چارەسەری. پێویستە بۆ

چارەسەری کێشەکان هەموو لایەنەکانی نێوکۆمەڵگا، لەوانەش پارتە سیاسیەکانی پەرلەمان ودەرەوەی پەرلەمان، بەوانەی کە مۆڵەتدراون وئەوانەشی کە بێ مۆڵەتن، رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و نوێنەری چین وتوێژەکانی گەلەکەمان هەوڵی چارەسەری کێشەکان بدەین، ئێمە لە وەها حاڵەتێکدا ناتوانین بە زیهنییەتی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنی نێوپەرلەمان بەتەنیا کێشەکان چارەسەربکەین، پێویستی دەکرێت، هەموو لایەنەکانیان بەشداری کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان بکردبا. ئێمە پرسی بۆنیادنانی سیستەمان هەیە، بۆ بونیادنانی سیستەمیش را وبیروبۆچوونی هەموو لایەک گرنگەو چارەنووسسازە. ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان بۆ سازدانی کۆنفرانسێکی بەم چەشنە، هەموو لایەنەکانمان بە ئۆپۆزسیۆنی نێو پەرلەمان ودەسەڵاتیشەوە، بانگهێشت کردبوو، بەڵام ئەوان تەنانەت بەنوێنەرێکیش بەشداریان لەم کۆنفرانسەدا نەکردۆوە، ئەمە کەمترخەمێیەکە لەئاستی بەرپرسیارییەتی لەبەرامبەر بە چارەسەرکردنی کێشەوکەم وکوڕییەکانی کۆمەڵگاکەمان و سیستەمی بەرێوەبردنی .

پاش ئاخاوتنەکانی سەرۆکی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان، مۆناقشەی بەشداربووانی و لایەنە سیاسیەکانی کۆنفرانسەکە لەچوارچێوەی نەخشە رێیەکەی پارتی چارەسەری دا دەستی پێکرد و گفتوگۆیەکی تێروتەسل بەرێوە چوو. هاوکات لەگەڵ بەرێوەچوونی گفتوگۆکاندا، چەندین پرۆژەو تێبینی و راوبیروبۆچوونی تایبەتیان هەبوو و بەشداربووان بەتێکرای دەنگ هاوڕابوون لەسەر بەرێوەچوونی دیالۆگ و چارەسەری دیموکراتیک وئاشتیانەیان بەپێویستیان زانی و هاوڕا بوون لەسەر ئەوەی کە پێویستە هەموو لایەنێک لەبەشداربوونی بونیادنانی سیستەمی هەرێمی کوردستاندا بەشداری بکەن .

هاوکات بەشداربووانی کۆنفرانسەکە، لەسەر خاڵەکانی نەخشە رێیەکەی پارتی چارەسەری هاوهەڵوێست بوون و بەگرنگیان وەسف کرد و ووتیان پێویستە ئەو خاڵانە بکەونە واری کردەییەوەو جێبەجێ بکرێن .

لەتەوەرێکی تری کۆنفرانسەکەدا، لەسەر میکانیزمەی کارو بەرێوەبردنی ئەرکەکان گفتوگۆکراو بۆ ئەم مەبەستەش ئەنجوومەنێکی ٢٦کەسی لەهەموو لایەنەکانی بەشداربووی کۆنفرانسەکە دەستنیشان کراو بڕیارە ئەنجامنامەیە بۆ رای گشتی و جەماوەری گەلەکەمان بڵاوبکەنەوە .